


مەحموود نەجمەدین

# زمان و مەرگ و تراجیدیای كۆتایی

بەشی یەكەم

زۆر کەس لە تاریکی و بێدەنگی شەودا ترسی مردن سەرتاپای دەگوشێ، کەچی مردن زۆربەی کات لە ڕۆژدایە، زۆرن ئەوانەی لە مردن دەترسن، کەمن ئەوانەی بێ باکن لە مردن زەوی چەند ڤانکوخ و سادقی هیدایەتی تێدایە؟ ئێمە لە بوون بێزارین و لە مەرگ رادەکەین، یەکەمین درۆی مرۆڤ بێزاری ژیان و خولیابوونە بە مەرگ و ترسە لە مەرگ، ژیان بە عەزاب و جەزرەبەوە لە مردن خۆشتر نییە؟ ترسی مرۆڤ لە مردن نادیاری ئەودیو مردن نییە؟ مرۆڤ لە دۆزەخ دەترسێ یاخۆ لە زیندوو نەبوونەوە؟

ترس لە مردن باوەڕهێنان بە خوا چارەسەری کێشەکە دەکات؟ کێ دەتوانێ زەمەن بگێڕێتەوە بۆ دە ساڵ بەر لە ئێستا؟ چۆن بگەڕێمەوە بۆ دوێنێ؟ ئایا ئەمڕۆش وەک دوێنێ کۆتایی نایات؟ تیژڕەوی زەمەن گەیشتنی شەمەندەفەرەکەی ئێمە بە کۆتایی رەشبینی و جود و نائومێدبوون نییە لە ژیان؟ ئایا ژیان گەمەیەک نییە بۆ ئێمە دەکرێت؟ یاخۆ مابووسێکی کاتییە و لە پاش مەرگ ژیانی راستەقینە و دێرپا دەست پێ دەکات؟ هەوڵ و خۆماندووکردنی مرۆڤ و تەماح و شەڕی سامان و دەسەڵات و داگیرکردنی ژنی جوان و کوشتنی روحی ئەوانی تر بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی و دزی و هەرچی کاری قێزەوەن هەیە کە مرۆڤ بۆ بەرژەوەندیی خۆی ئەنجامی دەدا شێتایەتی نییە؟ ئەگەر پرسیار دەربارەی مردن و ژیان و بەرزەخ و .... بکەین هەرگیز ناگەینە بنبەست

بە سەدان نووسین و گفتوگۆ ناگەینە دەرەنجام، بەڵام قسەکردن و گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بایی ئەوە هۆشیارمان دەکاتەوە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ژیاندا بکەین و چۆن بیر لە مردن بکەینەوە، ئەگەر راست بێت ئەگەر درۆ بە تەمەنترین مرۆڤی دنیا نوح بوو کە نۆ سەد ساڵ ژیاوە، نۆ سەد ساڵ زۆرە بۆ مرۆڤێک کە هەرگیز بیر لە مردن ناکاتەوە لەوپەڕی بێزاریدا هێشتا خولیای ژیانە، قسەیەکی نوح هەیە کە دەم بە دەم تا ئێستا ماوەتەوە دەڵێت ئەو نۆ سەد ساڵەی ژیان وەک ئەوە وابوو لە دەرگەیەکەوە بچمە ژوورەوە و لە دەرگەیەکەوە بێمە دەرێ، سیفەتی مرۆڤ وایە کە لە هیچ تێر ناخوات، نە لە خواردن، نە لەسێکس، نە لە گەڕان، لە هیچ شتێکی ژیان تێر ناخوات، لە خودی ژیان تێر ناخوات، مرۆڤ گەدەی لە دەریا قووڵترە و گیرفانی لە ئۆقیانووس بەرینترە، مرۆڤ نایەوێ بمرێ و دەزانێ هەر دەبێ بمرێ و خۆی لە چارەسەری مردن گێڵ دەکات،

بڕێک لە مرۆڤی زیڤار و ماندوو جەزرەبەدار لە ژیان بێزارن، نائومێدانە دەژین و کەچی لە مردنیش دەترسێن، زۆریشن ئەوانەی نائومێدی و عەزاب دەکەن بە داهێنان، دێرپایی خۆیان دەسەلمێنن، من لێرەدا دوو چیرۆکی لیئۆ تۆلستۆی شی دەکەمەوە لەسەر

مـردن و ژیان، لە چیـرۆکی مـەرگ و پیـرە پیـاودا نووسـەر باسـی پیـرە پیـاوێکی مـاندوو دەکـات کـە ژیانی پڕە لـە مـاندوویی و کـارکـردن و ڕۆژێک لە کـاتی بردنـەوەی کۆڵـەدارێکدا مـاندوو دەبێ و وەها مـاندوو و بێـزار دەبێ لە ژیان ، بانگی مـردن دەکـات و ئا لەو کـاتەدا مردن دێتە بەردەمی و دەڵێ فەرموو چیت دەوێ، پیرەپیاو لە ترسا دەڵێ وەڵا ئەو کۆڵە دارەم بۆ ببـەوە مـاڵ، تۆلسـتـۆی لێرەدا تەفـسـیری  ژیانمان بۆ دەکات، ژیـان لای مرۆڤ چەند بە نرخە و پیاوێک لە پیریدا، لە ژیانێکی پڕ عەزاب و ماندوویی هێشتا ژیانی لا خـۆشـەویستە، لێرەدا هـەست بە لەزەتی ژیان و ترس لە مـردن دەکـەین لای مرۆڤ، مرۆڤ چەند بێزار بێت هێشتا شـەیدای ژیانە، ماندوویی و کارکردن و زیڤاری و جەزرەبە و غـەریبی و نەهامـەتی و.. هـەرچی دەرد و عیلەت و نەگبەتی هـەیە  ژیانی لە بەرچاو ناخات و ئەگەر بە دەمیش بڵێ بێزارم لە دڵەوە لە مردن دەترسێ و عاشقی ژیانە زۆر کەمن ئەوانەی عاشقی مەرگن، کەمن ئەوانەی خـۆیان دەکـوژن لە پشت هـەر کـردەیەکی خـۆکوژەوە فـەلسـەفـەیەک هـەیە هـەندێک عـەزاب و نائـومـیـدی و زریڤـاری و خـەمـۆکی تـەنگیـان پێ هـەڵدەچنێ و بیـر لە خـۆکـوژی دەکـەنەوە، هـەندێک لە بلیـمـەتی بیـرکـردنەوە و گـرفـتـەکـانی گـەردوون و فـەلسـەفـە و هـەسـتناسکی ئەدەبی و ژانی هونەرمەند و نەبوونی وەڵامی پرسیـارە ئاڵۆزەکان شێت دەبن و بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە، نموونەی ئەوانەی سادقی هیدایەت و ڤێرجینیاوۆلف و نیتشـە و ئەنتـۆنیـابۆتسی و جـیـراردونێـرڤـاڵ و ڤـانکوخ و پۆل گـۆکـان و فلۆربێـلائیـسـپـانکا و ئیتلایوجف و

تامـیکی هارا و خـەلیل حـاوی و.... ئەمـانە و سـەدانـی تر بەهۆی نەخـۆشـی دەروونی و عـەزاب و نەهامـەتی و زیڤاری و بلیمـەتیـیـەوە خـۆیان کوشـتـووە جـەنگ و مـاڵ و وێرانیش هۆکاری خـۆکوشـتنە، لە چیرۆکی گۆزە و قەلەڕەشـەدا تۆڵستـۆی باسـی قەڵەڕەشـێک دەکات کـە دەمـی ناگـات بـە ئاوی ناو گـۆزەکـە و ناچار بـە دەنووکی بـەرد دەهێنـێ و دەیکاتـە ناو گۆزەکەوە، تا ئاوی ناو گۆزەکە سـەر دەکەوێت ئەوجا دەنووکی پێی دەگات و ئاو دەخواتەوە، بڕوانن لەم چیرۆکەی تۆلستۆیدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتـەوە، کە ژیان ڕەنج و ماندووبوون و هـەوڵدانـی دەوێت، قـەلەڕەشـەکـە لە پێناوی مـانەوە و ژیانـدا خـۆی مـاندوو دەکـات، ئەگـەر قەلەڕەشەکە ماندوو نەبووایە و تەمبەڵی بکردایە ئەوا لە تونیاندا دەخنکا.

ژیـان هـەوڵ و مــــاندووبـوونـی دەوێت مــــرۆڤ دەبێت تـێ بـکۆشــــێت بـۆ ئـەوەی لە ژیـان دوانەکەوێت، بۆ ئەوەی وەک ئەو قـەلەڕەشـە بە هـەوڵدان لە تێنوێتی خـۆی ڕزگـار بکات دەبێ تۆکمە بێ ئازابێ لە بەردەم عـەزاب و جەزرەبە و کـارەساتەکاندا، بەردەوام بێت لە هـەوڵدان

و کـارکردن، ژیـان پشـوودن نـییـە لە جـێگەی گـەرم و نەرمی زسـتـاندا، یاخـۆ لـە ژوورێکی فێنکی هـاویندا، ژیان سـەیران و گەشت نییـە، تاڵی و عەزاب و – ژانیش نییە، ژیان مـیراتی پیـاوێکی دەوڵەمەنـد نییـە کە بـۆ کورەکەی خۆی بەجێی دەهێڵێ هـەر خـۆشی بەختـەوەری و تێـری پۆشـتـەیی بێت، خـۆشی و نـاخـۆشی بە بێ یـەک ناتەواون، ژیان پڕیـەتی لە عـەزاب، ئەوانەی خۆیان دەکوژن هـەندێکیان بەرگەی ئەو عەزابە ناگرن و خۆیان دەکوژن و بڕێکیان ژیان لە لایان پـووچە خـۆ کوشـتن هـەڵدەبژێرن، لای نووسـەر و رۆشنبیـر و فـەیلەسـووفـیش خـۆکـوشـتن کـردەیەکی فـەلسـەفـی و هـۆکـاری ئاڵۆزی دنیـا و پرسـیـارە بی وەڵامـەکـانە، نەگـەیشـتنە بە چارەسـەری کـێشـە فـەلسـەفـیـیـەکـان و گرفـتـەکـانی گـەردوون و نەبوونی چارەسـەر بۆ مـردن، بڕێکی زۆری مـرۆڤـەکان مـیـسـالیـەتیـیـان وەک چارەسـەر بۆ مـردن هەڵبـژاردووە، کـەسی ئـیـمـاندار بـە چێـژی بەهەشـتـی ئـەبەدی ترسی لـە مـردن دەشکێ، ئیماندارەکان بە خەیاڵی بەهەشتی نادیار کە لە ئاینەوە نیگاری ئەو بەهەشتەی دیوە ترسی لە مردن دەشکێ، ئاینەکان لـە رێگەی کتێبەکانیانەوە وێنەی بەهەشـتی خـەیاڵی و نەبینراو بۆ مـرۆڤ دەکێشن هـەر ئەو بەهەشـتـەیە وا لە مرۆڤ دەکـات کە نەک هـەر باوەڕ بـەخـوا و قـیـامـەت بکات بەڵکو ژیانی سـەر زەویشی بـۆ بەخت دەکات، ئێـمـە پرسـیـومانە هۆکـاری کردەوە خۆکوژییـە تیرۆرییەکان چییە؟ چی شتێک وا لە مرۆڤ دەکات کە ژیانی خۆی بۆ بەخت بکات؟ زیڤـاری و بەدبەخـتی و نەبوونی پەروەردەیەکی تەندروست و سەردەمی جـەنگ و کـاولکاری و تێکچوونی شـیـرازەی خـێـزان و شـەڕی ئەندامـانی خـێـزان هۆکارێکن بۆ دروسـتکردنـی مـرۆڤی خـۆکـوژ و تیـرۆرست، نەزانـی و سـەر لێـشـێـوان و نائومـێـدی تانەوتوانجی خەڵکی لە کەسێ کە عەیب و عـارێکی هەبێ هۆکارێکە بۆ کردەوەی خۆکوژی، تیرۆریستی، هـیچ ئاینێک تا ئێستا باسی لە حـەڵاڵی و مەعقولییەتی خۆکوژی نەکردووە، ئەوە ئایدۆلۆجییـەکانن، ئیسـلامی سیاسی و مـافیـاکان و سیـاسـییەکانی رۆژئاوان کـە مـرۆڤـەکـان هـان دەدەن بۆ کـردەوەی خـۆکـوژی، تیـرۆر لە سـەردەمی تـاڵیـبـان و حـزبە ئیسلامییەکانی رۆژهەڵاتدا دروست نەبووە.

تیرۆر وشـەیەکی فـەرەنسییـە، و لە پەنجاکان لە ئیـتـاڵیا تیرۆر هەبووە، خـولاسـە تیـرۆر و کوشتنی خـەڵک و کردەوەی خۆکوژی تازە نییـە و موڵکی یەک ئایدۆلۆجیا نییـە، ئەو کەسـەی خـۆی دەکوژێت بۆ لەناودانی کـەسێکی تر مرۆڤێکی ناهۆشیـار و قـەلاچە خـۆکوژ لە خـۆی نەپرسـیوە کە لای خـودا خـۆکوشـتن کوفرە و کـافر خـۆی دەکوژێ؟ یاخـۆ کەسی خـۆکوژ بە تریاکی بەهـەشت و حۆری مەست و سەرخۆش ژیانی ئێرەی دەکات بە قوربانی دنیایەک کە

هەر خەیاڵە و کەس لێیەوە نەگەڕاوەتەوە؟ هەندێک لەو نێچیرانەش کە خۆیان دەتەقێننەوە نێچیرێکی بریندارن و پارووپەکن لە بەردەم ئایدۆلۆجیای ترسناک و خوێنمژ، ژنانی بەدبەخت و زیڤار کە لە مابووسی کولتووردا بەندکراون و پەروەردەی ناتەندروست دەیانکاتە هەڵەوە و پاشان کۆمەڵگە بەتانە و توانج ئەو روحە وەها ماندوو دەکەن کە بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە، ئەم خۆکوشتنەش بە پێی شوێن جیاوازیی هەیە لە هەندێ شوێن کە ژیان ئاساییە و گرفتی رامیاری نییە و جەنگ لەیەک ترازان و ماڵوێرانی نییە خۆکوژ بە بێدەنگی خۆی دەکوژێ و زیان بە کەس ناگەیەنێ، لە هەندێک شوێن کە شەڕ و کاولکاری فرە ئایدۆلۆجیایی و ململانێی رامیاری هەیە و یاسا لاوازە و حکوومەت نییە ئەم نێچیرە بریندارانە دەقۆزرێنەوە بۆ کردەوەی خۆکوژی، ئەمە هۆکارێکە و چەندین هۆکاری تر هەیە بۆ ئەم کێشەیە.

ئەوەی خۆی دەکوژێ کەسێکە یا زۆر گەمژە و نەزان و زیڤار بەختڕەشە یا زۆر زانا و بلیمەت، ژیان لای مرۆڤ لە هەموو شت خۆشەویستترە، هەموو مرۆڤێک خۆی خۆش دەوێ، زیاتر لە هەر کەسێ، مرۆڤ خۆی لە برا و باوک و دایک و منداڵەکەی و ژنەکەی و....

زیاتر خۆش دەوێ، کەوایە مرۆڤ بۆ خۆی دەکوژێ، چ شتێک لە ژیان بە نرختترە کە مرۆڤ خۆی بۆ بەخت دەکات؟ عەزاب و نائومێدی و بەهەشتی خەیاڵ؟ بڕوانە لە کاتی رووداونی بوومەلەرزدا مرۆڤ جگە لە خۆی کێی لە بیرە؟ لە کاتی جەنگدا کێی لە بیرە؟ زۆربەی مرۆڤەکان ژیانیان بە هەموو عەزابەکانەوە خۆش دەوێ و حەز دەکەن هەزار ساڵ بژین ئەگەر بە زەلیلیش بێت، لەم ساڵانەی دواییدا پیرەمێردێکی نەوەت ساڵە شکایەت لە کوڕەکانی دەکات لەسەر ئەوەی کە گوایە کوڕەکانی پێیان گوتووە بۆ نامری هەتا کەی لە کۆڵمانی؟ مرۆڤ چەند پیر بێت ئەوەندە عاشقی ژیان دەبێت.

ئەوانەی خۆیان دەکوژن جیاوازن لە خەڵکی ئاسایی، کۆمەڵگەی سادەگی بە شێت لە قەڵەمیان دەدا، مرۆڤگەلێک کە هۆکارێک هەیە بۆ خۆ کوشتنیان، شتێک هەیە مەستیان دەکات و بە پێی خۆیان بەرەو رووی مەرگ دەڕۆن، من لە مرۆڤە ئیماندارەکانەوە دەست پێ دەکەم، مەسیح لە پێناوی خوا و خەڵکی خۆی کرد بە قوربانی، باوەشکردنی مەسیح بە مەرگدا راکردن بەرەو پیری خاچی مەرگ خۆبەختکردن و خۆنەویستی مەسیحە، مەسیح بەهەشت و ناوبانگی سەر زەوی لە ژیان بەلاوە گرینگتر بوو، چوونی مەسیح بەرەو پیری مەرگ جۆرێکە لە زەلیلی و خۆکوژی ئەو کارەی ئەو بۆ شەهادەت و دێرپابوونی خۆی و زیندەگی ناوبانگ و شەهامەت و جوانی خۆی، ئەم قوربانیدانە لای مەسیح سێ هۆکاری

هەیە خەونی بەهەشت و چێژ و خۆشی و میوە و خواردن و حۆری و... هەرچی شتە خۆش و شادی بەخششەکانی بەهەشت هەیە، هۆکاری دووەم بە رەمزکردنی خۆی و دێرپایی ناوەکەی، ناوبانگ شتێکە لە کاسە سەر بیر و خەیاڵاتی زۆر کەسدایە، هۆکاری سێیەم قوربانیدانە بە روحی خۆی بۆ مانەوەی قەومەکەی و رزگاریی خەڵک لە دووژمنان، لە ئاینی ئیسلامیشدا دیردەی خۆبەختکردن زۆر باوە، کردەوەی خۆکوژی و خۆتەقاندنەوە لە لای گرووپە ئیسلامییە سیاسییەکان گرینگی پێ دراوە لە ئێران، پاکستان و ئەفغانستان و عێراق و بۆسنە و کۆسۆڤۆ و لوبنان و فەلەستین و سریلانکا و تورکیا و پڵنگەکانی تامیل...

مێژووی خۆکوژی لەوە کۆنترە کە ئێمە لە عێراقی دوای سەدام و ئەفغانستانی دوای تاڵیبان دەیبینین، بیلال فاحس یەکەم خۆکوژی ئیسلامی سیاسییە لە ٦/ ١٩٨٤/٦لە دژی ئیسرائیلییەکان خۆی تەقاندووەتەوە (١) لێرەوە بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی و خواپەرستی و هەستکردن بە زوڵم و ستەمی جوولەکە وا لە مرۆڤێک دەکات زۆر بە ئاسانی دەستبەرداری ژیان ببێت و خۆی بکوژێ، ئێمە نازانین کەسایەتی بیلال چۆنە و بەسەرهاتی چییە، گرفتی کۆمەڵایەتی هەیە یا نا، لە رووی دەروونییەوە مرۆڤێکی تەواوە؟ باری ئابووری چۆنە؟ ژیانی منداڵی چۆن بەسەر بردووە؟ زوڵمی منداڵانی هاوتەمەنی، زوڵمە سیاسی و نەتەوەییەکان، مرۆڤی بەهۆی زوڵم و زۆری دەوروبەر و گرفتەکانەوە تووشی حاڵەتی دەروونی دەبێت و خۆکوژی تەواوی بوونی داگیر دەکات هەندێک لەو دەروونە نەخۆشانە دەکەونە سەر جادە و دەبن بە گاڵتەجاڕی خەڵکی، شێت دەبن هەندێکی تریان خۆیان دەسووتێنن و.... ئێمە نازانین پێشینەی بیلال فاحس چییە و چۆنە، چۆن ژیاوە، چی بەسەر هاتووە، کێشەی دەروونیی هەبووە یاخۆ ئابووری، یان ئەوەتا بە دەست باوکێکی توندڕەوەوە گیرۆدە بووە... ئەوەشمان بیر نەچێ عەرەبستان مەملەکەتی تیرۆر و عەقڵی چەقبەستووە، ئیسلامییە سیاسییەکان بەرهەمهێنەری عەقڵی قەلاجن و لە هەمان کاتدا بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی و دوژمنایەتی جوولەکە هۆکارێکە بۆ بەرهەمهێنانی روحی خۆکوژ، لێرەدا عەقڵی قەلاجی و بێبەزەییبوون و شەڕانگێزی عەرەبی دەبینرێ ئەو هەموو زوڵمەی لە کورد کرا ئەنفال و کوشتوبڕ و کیمیاباران و...... کەچی نەمان بیست کوردێک خۆی بتەقێنێتەوە ئەگەر شتێکی لەو بابەتە رووی دابێت ئەوا زۆر دەگمەنە، لە کوردستانی عێراق گرفتی کۆمەڵایەتی خۆکوژی دروست کرد و خۆبەختکردن لە ناو پارتی کرێکارانی کوردستاندا هەبووە، بەڵام بەو جۆرەی عەرەبستان و پارتە ئیسلامییەکان نەبووە کە بێ

بەزەییبانە خۆیان لە قەرەباڵغی بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا دەتەقێننەوە و هەم خۆیان و هەم کۆمەڵێ خەڵکی زیڤار و بەدبەخت و بێ ئاگایان لە ناو بردووە، روحی خۆکوژ لای پارتی کرێکارانی کوردستان لە کاتی جەنگ و بەرگریدایە، خولاسە هیچ میللەت و ئایدۆلۆجیایەک وەک ئیسلام بانگەشەی خۆکوژی نەکردووە، هۆکارەکەشی تەماحی بەهەشت و حۆری و لەزەتی بەهەشتی خوایە کە ئیماندارەکان خۆیانی بۆ بەکوشت دەدەن، لە رۆژگاری خەلیفەکانی راشدینەوە تا عەباسییەکان و ئخوان موسلمین تا رۆژگاری ئەنسار ئیسلام و عێراقی دوای سەدام ئایدۆلۆجیایی ئیسلامی لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا کردەوەی خۆکوژی و تیرۆر. ئەنجام دەدەن، ئیخوان موسلمین و پارتی خودا و حەماس و بزوتنەوەی ئیسلامی و ئەنسار ئیسلام و....هتد هەموو ئەو پارتە ئیسلامیيانە بانگەشەی تیرۆر و خۆکوژی دەکەن، سریلانکا و ئەفغانستان و عێراق و ئێرانی سەردەمی شۆڕشی ئیسلامی و تورکیا و پڵنگەکانی تامیل و.... گەواهی ئەو راستییە دەدەن.

– خۆکوژی سیاسی و بارگاوی بە روحی نەتەوایەتی وەک عەرەبەکانی فەڵەستین دژی جووەکان خۆیان بە کوشت دەدا و کردەوەی خۆکوژییان ئەنجام دەدا هەروەک چۆن بەعسییەکان لە دوا داڕووخانی دەسەڵاتی سەدام بەعسیزم رۆژگاری تازەی عێراقیان بە دڵ نییە و دژی دەسەڵاتی ئێستای عێراق کردەوەی خۆکوژی دەکەن، وەک ئەو کچە ١٧ ساڵانەی کە ماوەیەک بەر لە ئێستا بە کەرکووکدا خۆی گەیاندبووە هەولێر بۆ کردەوەیەکی خۆکوژی و پاشان هێزە کوردییەکان دەستگیریان کرد، بیری خۆکوژی لە کاسەسەری کچێکی ١٧ ساڵاندا بە عەقڵی عاقڵەوە دەچێ؟! ئایا کچێک لەو تەمەنەدا چی لە بارەی ئایدۆلۆجیا و بەعسزمەوە دەزانێ وەک خۆی گوتی پرسم بە باوکم کردووەوە بۆ خۆ تەقاندنەوەم، ئایا ئەو کچە مرۆڤێکی بێ گرفت بووە؟ وەک خۆی لە دانپێدانەکانی گوتی پێوەژنم، واتە مرۆڤێک کە ژیانی پڕ لە ناڕەحەتی و گرفت و عەزاب و تانەوتوانج و تەنیایی لە کەشوهەوای ناتەندروستی باشووری عێراقدا مرۆڤێک کە ١٧ ساڵانە و بەرگەی ئێش و ئازار ناگرێ ، زۆر بە ئاسانی لە خشتە دەبرێ، ئەم جۆرە مرۆڤانە نێچیری گرووپە ئیسلامییەکان و مەرامی سیاسییە دۆڕاوەکان و گرووپە توندڕەوەکانی عێراقن، رانیا عەنبەکی یەکێکە لە ژنە خۆکوژەکان و بۆ کارێکی خۆکوژی بۆمبڕێژ کرا و بەر لە تەقینەوەی ئاشکرا بوو و گیرا رانیا دانی پێدا نا کە دایکی و پوورێکی بنکەی ژنە خۆکوژەکانیان هەیە و ژنان بۆمبرێژ دەکەن، بۆ تەقاندنەوە ئامادەیان دەکەن و پێوەندییان بە قاعیدەوە هەیە، باوکی رانیا پێشتر خۆی تەقاندووەتەوە و خودی رانیاش مێردەکەی بۆمبڕێژی کردووە،

سەجا ئەلقەدووری ئەندامانی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە دیالە دەڵێ ئەو ژنە خۆکوژانە لە یەک کاتدا شوو بە چەند پیاوێک دەکەن و لە هەموو حاڵەتەکاندا باوکی منداڵەکانیان ناناسن و دواتر بەهۆی هەژاری بێ و ئومیدبوون و ترس و ئیستغلال دەکرێن و بۆ کردەوەی خۆکوژی.(٢)

لە راستیدا کردەی کوشتن خۆکوژییە بە هەر جۆرێک بێت، بوون هێندە گرینگ نییە تا مرۆڤ خۆی بۆ بەکوشت بدات، ئەگەرچی هەموو مرۆڤێک ئەنجامی مردنە هەر دەبێ بمرێ و کۆتایی پێ بێت، لەگەڵ ئەوەشدا شتێک نییە لە بووندا کە مرۆڤ خۆی بۆ بە کوشت بدات، تەنیا شتێک کە رەوابێت مرۆڤ هەوڵی بۆ بدات دێرپاییە لە دوای مەرگ، مرۆڤ لە دوای مردنییەوە لە دایک بێت و وەک ڤانکوخ و نیچە و گۆتە وریلکە و دۆستۆیڤسکی و پۆل گۆگان. و موزارت و پاگانینی و.... هتد ئەمانە خاوەنی دێرپای سپین، ئەوانەی وەک هیتلەر و کالیگۆلا و مۆسۆلۆنی ستالین و سەدام و....هتد بەر لە مەرگ دنیایان کاول کرد و خوێنی ملیۆنەها مرۆڤیان کردە کاسەوە دێرپای رەشن، روحیان رەش و تا ئەبەد ناویان بە قێزەونی دەمێنێتەوە، دێرپای ئەوان پڕ دەبێت لە ناشیرینی و عەیب و عار، سەدام مەگەر هەر لای بەعسییەکان دێرپایەکی جوان بێت، هیتلەر لای نازییەکان و ستالین و کالیگۆلا.... لای ئەوانەی کە وەک خۆیان دیکتاتۆر بوون و باوەڕدرابوون بە فیکری خوێنرێژی، دێرپای مرۆڤ لەوەدایە وەک نیچە و مۆپاسان و رۆسۆ و مارکس و... خزمەتیان بە مرۆڤایەتی کردبێت و مەعریفە و زانستیان داوە بە مرۆڤایەتی.

لە سەردەمی سوڵتان ئۆرخان عوسمانییەکان لەگەڵ داگیرکاری وڵاتانی ئەورووپا شەرقیدا منداڵانی مەسیحییان دەرفاند و پەروەردەیەکی سیاسی و ئاینی و سەربازییان دەکردن ئەو منداڵانە ناونرابوون "دیو شرمە" "واتە رفێنراوەکان"ی سەردەمی عوسمانییەکان. خۆکوژی فڕۆکەوانە ژاپۆنییەکان جۆرێکی تری خۆکوژییە، خۆکوژی نەتەوەیی روحی نەتەوەیی رق و تووڕەبوون لە داگیرکاری ئەمەریکی وای کرد کە فڕۆکە ژاپۆنییەکان خۆیان بکێشن بە کەشتییە ئەمەریکییەکاندا دووژمنی بەهێزی ژاپۆن وای لە ژاپۆنییەکان کرد کە بیر لە خۆکوژی بکەنەوە فڕۆکەوانەکان خۆیان دەکێشا بە کەشتی دووژمندا، ئەم بیری خۆکوژییە هۆکاری تووڕەبوونی ئەمەریکا بوو سەرئەنجام ئەمەریکا پەنای بردە بەر ئەو چەکە ترسناکە کە ژاپۆنی کاول کرد. خۆکوژی ژاپۆنییەکان بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ژاپۆنییەکان خاکیان لە روحی خۆیان زیاتر خۆش دەوێت، قودسییەتی خاک لە پێش قودسییەتی روحی مرۆڤەکانەوەیە، لای ئەوان بستێک خاکی ژاپۆن لە روحی

هەزارانیان گرینگترە.

خومەینی و کلیلی بەهەشت و بە کوشتدانی سەربازەکان، منداڵانی مەسیحی و سوپای ئینکیشاری، خۆکوژی لای هیتلەر و نازییەکان بەرئەنجامی غروری ئەڵمانییەکانە بەرانبەر بە دوژمن هیتلەر بە دوای خۆیدا بیری خۆکوژی بڵاو کردەوە لە ناو نازییەکاندا مەرگ لای هیتلەر شتێکی ئاسایی بووە، بۆیە هەروەک چۆن مەرگی سەدان هەزار جوولەکەی بەلاوە ئاسایی بوو ئاوەهاش مەرگی خۆی بەلاوە ئاسایی بوو. زۆر بە ئاسانی دەستی چووە خوێنی خۆیەوە و خۆی کوشت و لە پاش خۆشی بیری خۆکوژی لە ناو خەڵکیدا بڵاو کردەوە. لای هیتلەر مەرگ گرینگتر بوو لەوەی کە بە زیندوویی بکەوێتە ژێر دەستی دووژمنەکەی، هیتلەر هێندە لە خۆبایی بوو مردنی پێ چاکتر بوو لە خۆبەدەستەوەدان، روحی هیتلەر بارگاوی بوو بە مەسەلە سیاسییەکان و هێندەی بیری لای سیاسەت و ململانێی دووژمن بوو هێندە بیری لای ژیان و جوانی و لەزەتی دنیا نەبوو، دواجاریش شکستی دەسەڵاتەکەی وای لی کرد خۆی بکوژێ، خۆشی ژیان لای ئەو داگیرکاری وڵاتانی دنیا و کوشتنی مرۆڤەکان بوو، مەلەکردن لای ئەو لە خوێندابوو نەک لە ئاودا هەر بۆیە دوا جار کە دڵنیا بوو کە ئیتر دەسەڵاتی خوێنرشتن و کوشتنی نەماوە بریاری خۆکوشتنی دا، ئەگەر بگەرێینەوە بۆ رۆژگاری منداڵیی هیتلەر نەخۆشییەکی دەروونی دەبینین، هیتلەر کاتێک دەرگەی هونەری شێوەکاری لەسەر دادەخرێ، ئیتر بە ناچاری پەنا دەباتە بەر ئارەزوویەکی تر، بۆ بەدبەختی جوولەکە، رێگە دووەمی هیتلەر سەربازی و سیاسەت دەبێت ئیتر وەک زۆرێک لە ئەڵمانییەکان سیاسییەکی ئینکاری لێ دەردەچێ، ئەڵمانییەکان بە ئینکاری ناوبانگیان دەرکردووە و هەر بەهۆی ئەو ئینکارییە تووشی شکستی وەک هیتلەر هاتوون و لە هەمان کاتدا تووشی سەرکەوتنی وەک نیچە و هابرماس و.... هاتوون ئەڵمان لەگەڵ ئەوەی کە خاوەنی بلیمەتی وەک نیچە مارکس و هیگڵ و ریلکە و گۆتە و.... هتد خاوەنی هیتلەر و نازییە رەگەزپەرستەکانە هیتلەر بە مەرگی خۆیەوە نەوەستا و هانی هەڤاڵەکانی دەوروبەری دا کە خۆیان بکوژن چاکترە لەوەی سەرشۆریی دوژمن بن، لێرەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە هیتلەر مەرگی پێ باشترە لەوەی کە هەتاهەتایە بەسەرشۆری باسی گرتنی هیتلەر بکرێ، غرور وای لە هیتلەر کرد خۆی بکوژێ.

لە پۆڵەندا لە دوای رووخانی کۆمۆنیزمەوە مەکسیمیلیان کۆلبە بەهۆی دژایەتیی نازییەکانەوە خۆی کرد بە قوربانی، کۆلبە قەشەیەکی پۆڵەندییە لە ساڵی ١٩٤١ لە پاش گیرانی لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵکی تردا دەکوژرێ حیکایەتی کوژرانی کۆڵبە بەم جۆرەیە پیاوێک

لەگـەڵ ئەوداگـیـراوە و لە کـاتی کـوشـتندا ئەو پیـاوە زۆر دەپاڕێتـەوە کـە نەیکوژن و دەڵێ منداڵەکـانم کـەس نیـیـە بەخێویان بکات و.... زۆر دەپاڕێتەوە، پاشان مـەکسیمیلیان کۆلبە خۆی دەکات بە قوربانی ئەو پیاوە و داوا دەکات ئەو بکوژن لە بریی ئەو پیـاوە، ئیـتـر کـۆلبـە دەکـوژرێ(٢) لەم خـۆبەخـشـینەی کـۆلبـەدا مـایەپوچی ژیان و ئازایەتی مرۆڤێکمان بۆ دەردەکەوێت کە چۆن دەستبەرداری ژیانی خۆی دەبێت لە پێناوی پیاوێکدا جیاوازیی نێوان ئەو پیاوە و کۆلبە ئازایەتی و ترسنۆکییە لە ژیان وەک چۆن لە ئێستای کـوردسـتـاندا بڕێک لە رۆژنامـەنووس و رۆشنبـیـرەکـانمان هەمیشە سەرقاڵی پارەپەیداکردنن و حەقیقەت دەفرۆشن بە دەسەڵات و بیر لە مردن ناکەنەوە و لە مـردن دەترسن و بە فرۆشـتنی حەقیقـەتەکان هەم دەوڵەمـەند دەبن و هەم ترسی مردن لە ڕوحیـان دەردەچێ، بڕێکیش لە ڕۆژنامـەنووسـەکان لەسـەر ئەوەی حەقیـقەت دەخـەنە سـەر پەڕەی ڕۆژنامەکان و خـۆیان بە دەسـەڵات نافـرۆشن و سـەر ئەنجام دەکـوژرێن و دەبن بە قـوربانـی حـەق، دەبن بە قـوربانی گـەلێک کـە زاری هـەر فـــێـــرە بلێ وایە، راســـە.. یاخـــۆ وەک جـــاش و خـۆفـرۆشـەکـان لە حـەزرەتی مـەرگ و خـۆشی ژیان و پارە خـۆیان فـرۆشت. خـەڵکانێکیش خـۆیان کـردە قوربـانی ئەم وڵاتە سـەرشـۆڕییان قبـووڵ نەکرد و ئێستا نەماون و کەس باسیـان ناکات و کـەس یادیان ناکات و خـۆفرۆشـەکـانیش بوونە بە رۆڵەی دڵسۆزی ئەم گەلە، کۆلبە مرۆڤێکی گەلێک ئازا بوو مەرگی خۆی پێ چاکتر بووە لە مەرگی مرۆڤێک کە حـەزی لە ژیانـە و کـۆلبـە بەهـۆی باوەڕدارییـەوە بە خـوا ئومێدی بـەهەشت و پاداشتی خواییـەوە و هەروەها بەهۆی هیـزێکی سەرسامکەرەوە کە ململانێ لەگەڵ ژیان و مەرگدا دەکات خۆی کرد بە قوربانی.

**بێزاری ژیانی رۆژئاوا لـە دابڕانی مـرۆڤـەکان و هـەڵوەشـانەوەی خێزان هۆکاری خۆکوژی پیاوێکە کە زارێک نییە راز و نیازی خۆی لابکات**

**فـروخی فـروخ زادە کە لـە دوای دابڕان و جیابوونەوە لـە مێردەکەی ژیانی بوو بە خـەم و عـەزاب و تەنیایی و سـەرەنجام شـاعیرێکی مـەرگدۆسـتی لێ دەرچوو**

دیاردەی خــۆکــوژی لـە ڕۆژئاوا و لای خــەڵکی ســادە و دوور لە ســیـاســەت دیاردەی کۆمەڵایەتـی و تەنیایی کۆمـەڵێ گرفتی سـەیرە، لە چیرۆکی "تۆ تەنیـانیت"ی چیرۆکنووسی دانیمارکی "نیلس سکۆ"دا گرفتی تەنیایی و فەرامـۆشکردنی مرۆڤـمان بۆ ئاشکرا دەبێت، پاڵەوانی چیـرۆکـەکـە ڤـیلی ئەندەرسن کـێشـەی تەنیـایی و دابڕانی هەیە لـە کـۆمـەڵگە و فـەرمـانبـەرێکی خـانەنشـینی تەمـەن ٥٧ سـاڵە لە تەنەکـە خۆڵەکاندا بۆ پیسـی و پاشـمـاوە دەگەڕێ و ژیانی تەنیـاییەکی ترسناکە و لە ژیان بێزارە، بێزاری ژیانی ڕۆژئاوا لە دابڕانی مرۆڤـەکان و هەڵوەشانەوەی خێزان هۆکاری خۆکوژی پیاوێکە کە زارێک نییـە ڕاز و نیازی خۆی لابکات، ئیـتـر بێ ئومێد دەبێت و دەچێتـە سـەر باڵەخانـەیەکی بەرز و دەیەوێت خۆی فڕێ بداتە خـوارەوە، خـۆکوژی ڤـیلە دەبێتـە هۆی پـەشـیـمـانبـوونەوەی تەڵاق لە نێوان ژن و مێردێکدا، دەبێتە هۆی گەڕانەوەی بۆ کڵێسا و بۆ لای خـوا، لە هەمـان کاتدا پارووییەکە لە بەردەم بازرگـانەکانـدا و کـارگـەی جلوبەرگ هەر زوو بلـوزێک دەچنێ و لەســەری دەنووسێ «ڤـیلـە تۆ تەنیا نیت» گۆرانیبێژێک گۆرانی بۆ تەنیـاییی ڤیلە دەڵێ و سـیدییـەکەی لە هـەموو سیـدییـەکانی ئەو سـاڵە فرۆشی زۆرتر دەبێت و چێشـتـخانەکان بە هەمان شـێوە سـوود لەو ڕووداوە وەردەگرن و لە دەسـەڵاتدارە گەورەکانی وڵاتەوە تا خـەڵکی ئاسـایی بە دیار ڤیلەوە وەسـتـاون و داوای لـێ دەکـەن کـە خـۆی فـڕێ نەداتـە خـوارەوە تا شـەو دادێت و پۆلیس و ڕۆژنامـەنووس و.... هەمـوو دەگەڕێنەوە بۆ مـاڵەکانیـان و لە بەرەبەیـاندا ڤـیلـە خـۆی فـڕێ دەداتە خـوارەوە، لەم چیـرۆکەدا ئەوەمـان بۆ ڕوون دەبـێـتـەوە کە مـرۆڤی ئەوروپی سـەردەمی مۆدێرنە لەگـەڵ سـوود و خـۆشـیـیـەکاندا گـرفـتی گـەورەی هەیە، دابڕان و ژیـانی تەنیـایی و هەڵوەشـانەوەی خـێزان و نەبوون و پێوەندی لە نـێوان مـرۆڤـەکان و ڤـیلە ئـەندەرسن ئەگـەر تۆزقاڵێک ئومێدی بە ژیان و گەڕانەوە بۆ قـەرەباڵغی و ڕێز بمایە هەرگیز خـۆی نەدەکوشت، بەڵام ڤـیلە ئومـێـدی بە ژیان و ڕێز نەمـابـوو پیـاوێک لە تەمـەنی ٥٧ سـاڵیـدا لە تەنیـاییـدا کەسێک نییە فریای بکەوێت و لەو میحنەتە ڕزگاری بکات و ئیتر مەرگی هەڵبژارد، هەروەک فـروخی فـروخ زادە کـە لە دوای دابڕان و جـیـابـوونەوە لە مـێردەکـەی ژیانی بوو بە خـەم و عەزاب و تەنیـایی و سـەرەنجـام شـاعیـرێکی مەرگدۆستی لێ دەرچوو، زۆر جار بیسـتـوومانە لە ژیانی جـەنجـاڵی ئەمـەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوادا مـرۆڤـەکان خـۆیان کوشـتـووە و لەسـەر باڵەخـــانەیـەکی بـەرزەوە خــۆیان فـــڕێ داوەتە خـــوارێ، خـــۆکـــوژی لە ڕۆژئـاوادا وەک لە ڕۆژهەڵاتدا دیاردەیەکـە و بوونی هەیە، بەڵام جیـاوازییـان هەیە کـارێکی قـورسـە لە ڕۆژئاوا نەژێیت و قسـەی لەسـەر بکەیت، بەڵام بە پێی زانیـارییـەکان و لێکۆڵێنەوەکان کە بە دەست

## بێزاری ژیانی ڕۆژئاوا لە دابڕانی مرۆڤەکان و هەڵوەشانەوەی خێزان هۆکاری خۆکوژی پیاوێکە کە زارێک نییە ڕاز و نیازی خۆی لابکات

ئێمە دەگەن شتێک لە هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە لە ڕۆژنامە و پەرتووکەکاندا دەخوێنینەوە و لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان دەبیستین و دەیبینین، هۆکاری خۆکوژی لە ڕۆژئاوادا تەنیایی و گرفتەکانی خێزان و هەڵوەشانەوەی خێزان و هەندێک جاریش خۆشی ڕەها، دابڕانی مرۆڤەکان لە یەک هۆکارێکی زۆر گرینگە بۆ خۆکوژیی مرۆڤەکان لە ڕۆژئاوادا، گرفتی دەروونیش هۆکارێکە، دەروون شێواوی لە هەموو جێگەیەکی ئەم دنیایەدا هۆکارێکە بۆ خۆکوژیی مرۆڤ، لە ڕۆژهەڵاتدا خۆکوژەکان بەسەر چەند شێوازێک و چەند هۆکارێکدا دابەش دەبێت خۆسووتاندنی ژنان و خۆکوشتن و ژەهرخۆری و حەبخۆری و.... بڕێک لە پیاوانیش عەزاب و خەمەکان وایان لێ دەکەن خۆیان بکوژن. خۆکوژی لای پیاوان زۆر بە گوللەیە، لای ژنان بە ئاگر، گرفتی زۆرداری و زوڵمی پیاوان "پیاو سالاری" و مەنگۆڕی هۆکارێکی سەرەکین بۆ خۆکوژی ژنان، بوختان و تانەوتوانج هۆکارێکی تری خۆکوژی ژنانە، لە چیرۆکی "ئابجی خانمی" سادقی هیدایەتدا خۆکوژی کچێکی مەنگۆڕ درک پێ دەکەین، پاڵەوانی چیرۆکەکە کچێکی بەهۆی مەنگۆڕی "قەیرەیی" تووشی نەخۆشی دەروونی هاتووە و هەست دەکات ئیتر کەس ئەوی ناوێت و ناشیرینە و خوشکەکەی کە لە خۆی منداڵترە و شووی کردووە، ئەم حاڵەتە وا لەو کچە دەکات کە زۆر نائارام بێت و خێزانەکەی ئازار بدات و بوختان بە خەڵکدا بکات و لەگەڵ ئەوەشدا نوێژ دەکات و تەزبیحات دەکات و باوەڕی بە خوا هەیە، لەم چیرۆکەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە کچان بەهۆی دابڕان و شوونەکردنەوە هەست بە تەنیایی و بێکەسی خۆیان دەکەن و سەرەنجامی ئەو تەنیایی و نەخۆشی و خەمۆکییە یان مردنە یان خۆکوژییە.